گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# گرفتە ژینگەییەکان لە بابەتی جوگرافیایی پۆلی یازدەی ئامادەیی لە ڕوانگەی مامۆستایان

**نازەنین محمد حسن**
بەشی کۆمەڵایەتی، کۆلیژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عیراق
nazaninmuh74@gmail.com

**پ.ی.د.سیروان عارەب صادق**
بەشی کۆمەڵایەتی، کۆلیژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عیراق
Serwan.sadiq@su.edu.krd

**زانیاریەکانی توێژینەوە**

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن: ٢٠٢٢/٥/٣٠
پەسەندکردن: ٢٠٢٢/٧/٢٦
بڵاو کردنەوە: بەهار ٢٠٢٣

**ووشە سەرەکییەکان**
Curriculum, Geography, Environment, environmental pollution, environmental Problems

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.8.1.18

## پوختە

ئامانجی ئەم توێژینەوە بریتیە لە زانینی گرفتە ژینگەییەکان لە بابەتی جوگرافیای پۆلی یازدەی ئامادەیی لە ڕوانگەی مامۆستایان لە پەروەردەی ناوەندی هەولێر بەنموونە لەسەر بنەمای جیاوازی گۆڕاوی ڕەگەز و ساڵانی خزمەت، توێژەر ڕێبازی وەسفی شیکاری بەکارهێناوە کۆمەڵگای توێژینەوەکە پێکهاتووە لەمامۆستایانی بابەتی جوگرافیا لە قۆناغی ئامادەیی کەژمارەیان (247)مامۆستایە، نموونەی توێژینەوەکە پێکهاتووە لە (70)مامۆستا لە هەردوو ڕەگەزی (نێر ومێ)، ئامرازی توێژینەوەفۆرمی ڕاپرسی تایبەتە بەگرفتە ژینگەییەکان کە توێژەر دروستی کردووە، پێکهاتووە لە (73) بڕگە، دابەشکراوە بەسەر(5) بوار بوارەکانی (هەوایی، ئاویی، ووشکانی، زیندەکی، دانیشتوان)، دوای شیکردنەوەی داتاکان، ئەنجامەکان دەریانخستوە کە ئاستی زانینی گرفتە ژینگەییەکان لە ڕوانگەی مامۆستایانی بابەتی جوگرافیا ناوەندە ژمێری (4.49)بووە کە ڕێژەیەکی باشە، جیاوازی بەهاداری ئاماریش نەبووە لەسەربنەمای گۆڕاوی ڕەگەز و ساڵانی خزمەت، دواتریش چەند ڕاسپاردەو پێشنیارێك پێشکەش کراوە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# بەشی یەکەم

## 1. ناساندنی توێژینەوە

### 1-1 پێشەکی وگرنگی

پرۆگرامەکانی فێرکردن و خوێندن یەکێکە لە لقەکانی سیستەمی پەروەردە و یەکێکە لەئامرازە گرنگەکانی و رەنگدانەوەی ئەو گۆرانکاریانە لەسەری دەکات کە پرۆسەی فێرکردن تووشی دەبێت لەئەنجامی گۆرانکاری مەعریفی و تەکنەلۆژی خێرا کەئەم سەردەمە بەخۆیەوە دەبێنێت و رەنگدانەوەشی لەسەر هەموو دیاردەکانی ژیانی مرۆڤایەتی دەکات (دیوب، 2016). لەپێناو بەدیهێنانی پەروەردەی نوێدا دەبێت پرۆگرامەکانی خوێندن ئامادەبکرێت، کە تەواوکاری ئەم لایەنانە بەهەند وەربگرێت چونکە بەپێی چەمکی نوێ پرۆگرامی خوێندن بریتییە لەوەی،کۆی شارەزاییەکی پەروەردەکاریەکان بۆ فێرخواز ئامادە دەکرێت لە ناوەوە،یان لەدەرەوەی قوتابخانەبەئامانجی هاوکاریکردنی فێرخوازان لەسەر گەشەیەکی گشتگیر لە هەموولایەنەکانی (ژیری، رۆشنبیری، کۆمەڵایەتی، جەستەی، ئاینی ،دەروونی، هونەری)کە دەبێتە هۆی راستکردنەوەی رەفتاریان و کاردەکات بۆ دەستەبەرکردنی ئامانجە پەروەردەییە چاوەروانکراوەکان(الوكيل و المفتي ، 2007، 24)، لەبەر رۆشنایی گرنگی پرۆگرامەکانی پەروەردەیی دەبێ گرنگی بەپرسە ژینگەیەکانیش بدرێت و پرسە ژینگەیەکان و پاراستنی یەکێکە لەگرفتە ژینگەیەکان کەبەگرنگترین پرسەکانی سەردەم هەژمار دەکرێت، مەودایەکی سەرەکییە لەمەودا دیاریکراوەکانی ئەم سەردەمە، جیهان ئاشکرای کردوو کە کەلەکەبوونی گرفتە ژینگەیەکان زیانێکی مەترسیدار لەسەر جۆری ژیانی مرۆڤەکان و بەردەوامی ژیانی زیندەوەرکانیش هەیە (عبدالجواد، 1995: 21).

پرۆگرامی قوتابخانە یەکێکە لە توخمە گرنگەکانی جێبەجێکردنی پرۆگرامەکە، وە یەکەم پایە و ئاماژەیە کە خوێندکاران زانیاری لێیەوە وەردەگرن، هەروەها ئاماژەی مامۆستایە، بۆیە پێویستە سەرلەنوێ سەیری پرۆگرامەکە بکرێتەوە، وە پەرەپێدانی مەنهەجی قوتابخانەکان بەگوێرەی گەشەسەندنی جیهانی ئێستا، شرۆڤەکاری پرۆسەی پەروەردەیی بۆی دەردەکەوێت کە هۆکارگەلێک هەن کە یارمەتیدەرن بۆ سەرکەوتنی پرۆسەی پەروەردە، کە بریتین لە (تایبەتمەندیەکانی فێرخواز، شێوازی وانەوتنەوە و شێوازەکانی، ژینگەی قوتابخانە، خێزان،

مەنهەج و کۆمەڵگا) هەموو ئەمانە بەشدارن لە پرۆسەی فێرکردن-فێربوون، بۆیە هەر کەموکوڕییەک لە هەریەکێک لەم لایەنانەدا نییە دەبێتە هۆی نەگەیشتن بەو ئامانجەی کە بە وردی پلانی بۆ دانراوە کە فێرکردن و فێربوونە و بەو پێیەی بەشێکن لە فاکتەرەکان کە یارمەتیدەر دەبن لە سەرکەوتنی پرۆسەی پەروەردە.

لەم ســـەردەمەدا گرفتە ژینگەیەکان بووە بەواقیع وناکرێت پشـــگوێ بخرێن و نکۆڵیان لێ بکرێن چونکە هەر تاکێك لەم جیهانە بەگشتی ولەجیهانی سێیەم بەتایبەتی لەناو ئەم گرفتانە دەژیت یان لەبەری دەناڵێت، ئەو پێشکەوتنە گەورەیە کە مرۆڤ پێی گەیشتووە لەبواری زانست و تەکنەلۆژیا کاریگەریەکی زۆری هەبووە لەســـەر دروســـتکردنی کەم و کوری و تێکدانی فاکتەرەکانی ژینگە و پێکهاتە جۆرا جۆرەکانی، مەترســـی لەســـەر ژیان لەناو ئەم ژینگەیەدا گەورەیە و لەســـنووری تواناکانی لەزۆرێك لەکۆمەڵگاکانی دەرچووە، گوێمان لەزۆر لەگرفتەکان دەبێت کەمرۆڤ خۆی هۆکاری دروستکردنیەتی بەخەسڵەتە هەڵەکانی، وەکو گرفتەکانی کەمی خۆراك، و بەهەدەردان و لەناوچۆنی ســـامانە ســـروشـــتییەکان، و پیســـبوون بە هەموو جۆرەکانیەوە، چەندین گرفتی تر کەلەئەنجامی چالاکی مرۆڤەکان بەشـــێوەیەکی ناهۆشـــیاری بەرامبەر بەژینگە دروســـتبووە ( مصطفى، 1999: 160) .

بۆیە توێژەر هەڵســاوە بەئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە بۆ زانینی شـارەزایی مامۆسـتایانی بابەتی جوگرافیا لە ئاشـنایەتیان بە گرفتە ژینگەییەکان، دەرخسـتنی ئاسـتی هۆشـیاریان سـەبارەت بە گرفتەژینگەییەکان و ئاشـــنایەتیان بە گرفتەکان ،ئەمەش لە پێناو باشـــترکردن و بەهێزکردنی هۆشـیاری قوتابیان سـەبارەت بە چەمکە ژینگەییە کان و گرفتەژینگەییەکان وبەهاژینگەییەکان، هەروەها خۆش وویستنی ژینگەو خۆگونجاندن لەگەڵیدا لەپێناو ژیانێکی ئاسوودەو خۆش.

گرینگی توێژینەوەکە خۆی لەم خاڵانەی خوارەوەدا دەبینێت:

1- هەوڵدانی بۆ هاوکاریکردنی مامۆســـتا و ســـەرپەرشـــتیارانی بابەتی جوگرافیا بۆ زانینی پلەی لەبەرچاو گرتنی گرفتە ژینگەییەکان وپرسە ژینگەییەکان لە نێو پەرتووکی پۆلی یازدەی ئامادەیی.

2- مامۆســـتایان بەگشـــتی و مامۆســـتایانی پۆلی یازدەی ئامادەی بەتایبەتی ،دەتوانن ســـود لەم توێژینەوەیە وەربگرن و گەشە بەتوانای زیاتری زانیاری خۆیان بدەن دەربارەی گرفتە ژینگەییەکان.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

5- پلاندانەر و گەشەپێدەرانی پرۆگرام سوودمەند دەبن لە ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە بۆ ئەوەی ژمارەی لەخۆگرتنی بابەتەکانی ژینگە لە پرۆگرامدا زیاد بکرێت.

## 2-1 کێشەی توێژینەوە

لەگەڵ بەرزبوونەوەی گرنگی بوونی چەمکەکانی پەروەردەی ژینگەیی گونجاو لەگەڵ پێشکەوتنەکانی سەردەم لەناو پرۆگرامە جۆراو جۆرەکانی خوێندندا، گرنگی مامۆستا و رۆڵەکەی لەسەرخستنی پەروەردەی ژینگە و بەدەستخستنی ئامانجەکانی بەرزبووە، مامۆستا خۆی بەخەسڵەتەکانیەوە نموونەیەکە بۆ قوتابیانی کەلاسایی بکەنەوە و چاوی لێ بکەن لەکاتی کاردانەوەیان لەگەڵ ژینگەکەی خۆیان، هەروەها ئاگاداربوونی مامۆستا لەسەر پرسە ژینگەیەکان و گرفتە ژینگەییەکان بەهەموو بوارەکانیەوە دەکرێت بەقوتابیانیش بگەینێت و بەشێوەیەکی ئاسان و سەرنج راکیش و هاوکاریش بێت بۆ وەرگرتنی بەها و ئاراستەکانی تایبەت بەژینگەیەکی ئەرێنی، ئەمەش زیاتر پشت بەلەبەرچاوگرتنی پەرتووکەکانی جوگرافیا دەبەستێت ئایا تاچەند پرس و گرفتە ژینگەیەکانی لەخۆی گرتووە و لەناو پرۆگرامەکانی خوێندنیش بەهەموو قوناغە جۆرا جۆراکانیەوە هەیە، وتەرکیز لەسەریان بۆ ئەوەی هۆشیاریەکی ژینگەیی دروست ببێت و قوتابیان بەجیاوازی تایبەتمەندیەکانەوە بخوێنن و تیمێك لەمامۆستایان بەشێوەیەکی هەماهەنگی تەواو کار لەسەر زیادکردنی هۆشیاری قوتابیان سەبارەت بەپرسە ژینگەیەکان و گرفتە ژینگەییەکان بکەن هەوڵی پاراستنی ژینگەبدەن لە پێناو نەوەکانی داهاتوو. ئەزموونی توێژەر وەك مامۆستایێکی ووتنەوەی بابەتە کۆمەڵایەتیەکان و بابەتی جوگرافیاوەکو لقێك لە بابەتە کۆمەڵایەتییەکان، وە خوێندنەوەی ووردی بۆ بابەتی جوگرافیایی پۆلی یازدەی ئامادەی بەتایبەتی و پۆلەکانی تریش، توێژەر هەست دەکات کە گرفتە ژینگەییەکان لە ئاست گرفتەکەدا نیە لە نێو پەرتووکی جوگرافیایی پۆلی یازدەی ئامادەیی یاخود بە شێوەیەکی ورد تیشکی نەخستۆتە سەر ئەم بابەتە، لەو بارەیەوە مامۆستاکانی هەمان پسپۆری بدوینم ئایا ئەوانیش دەرکیان بەم کەم وکورتیە کردووە بۆیە لەم ڕوانگەیەوە گرفتی توێژینەوەکەمان لە ژەند پرسیاریکدا خۆی دەنوێنێت:-

1- ئایا پرس وگرفتە ژینگەییەکان وەکو پێویست لە نێو پەرتووکی جوگرافیایی پۆلی یازدەی ئامادەی بوونی هەیە؟

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**3-1 ئامانجی توێژینەوە:**

1- زانینی گرفتە ژینگەییەکان لە بابەتی جوگرافیای پۆلی یازدەی ئامادەی لە ڕوانگەی مامۆستایان لە پەروەردەی ناوەندی هەولێر بەنموونە.

2- زانینی ئەو گرفتە ژینگەییانەی کە لە ناوەڕۆکی کتێبی خوێندنی جوگرافیادا هاتووە لە پرۆگرامی خوێندن لە هەرێمی کوردستان بۆ پۆلی یازدەی ئامادەیی.

2- زانینی گرفتە ژینگەییەکان لە بابەتی جوگرافیایی پۆلی یازدەی ئامادەیی لە ڕوانگەیی مامۆستایان لە پەروەردەی ناوەندی هەولێر بە نموونە لە سەر بنەمای جیاوازی ڕەگەز و ساڵانی خزمەت.

**4-1 گریمانەی توێژینەوە:**

2- جیاوازی بەهاداری ئاماری نیە لە ئاستی بەڵگەداری ئاماری ( a ≤0.05) بۆ زانینی ناوەندی ژمێری و لادانی پێوەری گرفتە ژینگەییەکان لە بابەتی جوگرافیایی پۆلی یازدەی ئامادەی لە ڕوانگەی مامۆستایان لە قوتابخانە ئامادەییەکانی پەروەردەی ناوەندی هەولێر لە سەربنەمای جیاوازی ڕەگەز(نێر ،مێ) ؟

3- جیاوازی بەهاداری ئاماری نیە لە ئاستی بەڵگەداری ئاماری ( a ≤0.05) بۆ زانینی ئاستی ناوەندی ژمێری ولادانی پێوەری تایبەت بە گرفتە ژینگەییەکان لە بابەتی جوگرافیایی پۆلی یازدەی ئامادەی لە ڕوانگەی مامۆستایان لە قوتابخانە ئامادەییەکانی پەروەردەی ناوەندی هەولێر لە سەربنەمای ساڵانی خزمەت ؟

**5-1 سنوری توێژینەوە:**

**بەگشتی سنوری توێژینەوەکە چەند لایەنێك لە خۆدەگرێت:**

**1- بواری بابەتی:** بابەتی جوگرافیا پۆلی یازدەی ئامادەیی.

**2- بواری مرۆیی :** سەرجەم مامۆستایانی بابەتی جوگرافیا دەگرێتەوە لە قۆناغی ئامادەیی لە پەروەردەی ناوەندی هەولێر بە نموونە.

**3- بواری کاتی :** (2022-2023)

**4- بواری شوێنی:** قوتابخانە ئامادەییەکانی سنوری پەروەردەی ناوەندی هەولێر.

**6-1 پێناسەی زاراوەکان**

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**1. پڕۆگرام:**

پڕۆگرام کۆمەڵێك زانیاری و ڕاستی چەمکە، کە قوتابخانە بە ئامانجی سازکردنی تاك بۆ ژیان و پەرەپێدانی لێهاتووەکانیان بەسوود وەرگرتن لە ئەزموونی شارەزایانی تر پێکدەهێنرێت(حامد ،2011).

پێناسەی ڕیکاری توێژەر : پڕۆگرام بریتیە لە هەموو ئەو کاروچالاکیانەی کە پێشکەش بە قوتابی دەکرێت لە ناوەوەی قوتابخانە یاخود لەدەرەوەی، لە پێناو گەیشتن بە ئامانجە پەروەردەییەکان لەلایەن قوتابیانەوە و دروستکردنی گۆڕانگاری لە گشت ڕەفتارەکانید

**2.جوگرافیا:**

جوگرافیا زانستێکە باس لە دیاردە سروشتی ومرۆییەکان دەکات لە بەرگی جوگرفیادا، وە لە دابەشبوونی جوگرافی ئەو دیارداە دەکۆڵێتەوە و شیان دەکاتەوە (نەقشبەندی ، 1997، لا3).

پێناسەی ڕیکاری توێژەر : جوگرافیا بریتیە لەو زانستەی کە لە دیاردە سروشتی ومرۆییەکانی سەر ڕووی زەوی دەکۆڵێتەوە شیان دەکاتەوە، کاریگەری دیاردەکان لەسەریەکتری بەدیاردەخات.

**3. ژینگە:**

ژینگە بریتیە لە  و چوارچێوەیە کە مرۆڤ تیایدا ژیان بەســـەردەبات و بنەماکانی ژیانی لێ دابین دەکات بۆیە هەموو پێکهاتەکانی ناوەندێك یاخود شـــوێنێك دەگرێتەوە کە مرۆڤ کارلێکی لەگەڵ دەکات وەك کاریگەری وکارلەسەرکراو، بە شیوەیەك  کە لەڕووی فیسیۆلۆجی و دەروونیەوە ژیان تیایدا ئاسوودە بێت.(الحمدی و صبارینی، 1984: 28 )

پێناسەی ڕیکاری توێژەر بۆ ژینگە : ژینگە بریتیە لەو ناوەندە زیندوو نازیندووەی کە دەوری مرۆڤ وگشت زیندەوەرانی دایە  و مایەی بوونی ژیانە بەجۆری ژینگە واتا ژیان.

**4. پیسبوونی ژینگە:**

پیســـبوونی ژینگە (بریتیە لە شـــێوان و گۆڕان لە جووڵەو پەیوەندی زنجیرەیی و بەدوای یەك داهاتنی نێوان ڕەگەزو پێکهینەرەکانی ژینگە بەجۆرێـك ببێتە هۆی لەکـارکەوتنی چـالاکیەکـانی سـیسـتـەمی ژینگە بە شـیوەیەك کە ژینگە لەتوانای نامینێت هاوسـەنگیەکەی ڕابگریت و خۆی لە پیسیەکان پاك بکاتەوە.( هاشم ، 2007: 4)

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پێناسـەی ڕێکاری توێژەربۆ پیسـبوونی ژینگە بریتیە لە هاتنە ناوەی هەرتەنێکی نامۆ بۆناو سیستەمی ژینگە بەهەرشێوەێك لە شێوەکان کە کاریگەری بکاتە سەر سوری ژیانی بوونەوەرەکانی ناوسیستەمی ژینگە و ژینگە توانای بەرپەرچدانەوەی نەبێت.

**5. گرفتە ژینگەییەکان:**

بریتییە لەو گرفتانەی کەڕووبەڕووی ژینگەی سروشتی بونەتەوە، بونەتە مایەی تێکچوونی سیستەمی ژینگەی سروشتی ،گیروگرفتە ژینگەییەکان هۆکارەکانیان دەکرێت سروشتی بن کە لەدەرەوەی توانای مرۆڤە، یان هۆکاری مرۆیی بن کە لە ئەنجامی چالاکیەکانی مرۆڤ و شێوەی مامەڵە کردن لەگەل ژینگەدا د روست دەبێت((حەمەد،2008: 9)

پێناسـەی ریکاری توێژەر بۆ گرفتە ژینگەییەکان : بریتیە لەهەرگۆڕانێك لە پیکهاتەکانی ژینگە لە ئەنجامی هۆکاری سروشتی یاخود مرۆیی بێت ڕوودەدات، ئەم گۆڕانکاریە کاریگەری دەبیت لە سەر ژیانی مرۆڤ وگشت زیندەوەران لەسەر ڕووی زەوی بەگشتی وەدەرئەنجامی گۆڕانکارییەکانی گیروگرفتە ژینگەییەکان ناوچەی نیە بەڵکو هەرێمی وجیهانیە .

**بەشی دووەم**

## 2. لایەنی تیۆری وتوێژینەوەکانی ڕابردوو

### 2-1 لایەنی تێۆری

### 2-1-1 چەمك و ناساندنی پرۆگرام

پرۆگرام لە زمانەوانیدا: بریتییە لە ڕێگەیەکی دیار و ئاشکرا هەر وەک چۆن لە (لیسان العرب ابن منضور)باسکراوە، هەروەها وشەی پرۆگرام لە زمانی ئینگلیزی بە مانای(curriculum) دێت ووشەیەکە لە بنەڕەتدا لاتینیە بە مانای گۆڕەپانی پێشبرکێ دێت، دەتوانین بلێین پرۆگرام ئەو ڕێگایەیە کە مرۆڤ بۆ خۆی دادەنێت بۆ گەیشتن بە ئامانجە دیاری کراوەکانی، وەک نموونە قوتابخانە یان کۆلیژ کە دێن پرۆگرامی زانستی جۆراوجۆر دادەنێن بۆ دەست خستنی ئامانجە پەروەردەییەکان(خطایبة، 1997: 19)، یاخود پرۆگرام بریتیە لە هەموو وانە و کارو چالاکیانەنە کە کە قۆتابیەکە لێی فێر دەبیت یان دەیکات لە ژێر چاودێری مامۆستاکەوە ج لە پۆلەوە بێت یان لەدەرەوەی پۆل بێت (الحلیة، 2001،20). یەکێك لەو هۆکارو ئامرازانەی کار لە پرۆسەی فێربوون

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەكات بريتيە لە پڕۆگرامی خوێندن بەجۆری گونجاوی پڕۆگرامەکانی خوێندن لەگەڵ ئاستی تەمەن و ژیری فێرخواز و قۆناغی خوێندندا و کەم وپوختی بەردەست بوونی ئامرازە زانستیە مادییەکانی پەیوەست بە بواری فێرکردن ، کاریگەری زۆردەکەن سەر فێربوون ، بەمەرجێ ئاستی زانستی مامۆستاش لە پاڵیاندا گونجاو بێت.(رسول،2014: 23). بەرنامەو پڕۆگرامی خوێندن یەکێکی ترە لە فاکتەرە گرنگەکان و رۆڵی سەرەکی لە پرۆسەی فێرکردن و فێربووندا هەیەو دەبێت بە پێی قۆناغەکانی خوێندن و ئاستی فێرخواز دابنرێت، لەلایەکی تریشەوە حەزوو ئارەزووی فێرخواز لە بابەتێکەوە بۆ بابەتێکی تر دەگۆڕێ و هەندێك فێرخواز لە بواری وێژەیی و زمان سەرکەوتوون و لە بواری بیرکاری و فیزیادا مام ناوەندن یان لاوازن، لەبەر ئەوە دەبێت لە کاتی دانانی پڕۆگرام و ئاراستەکردنی خوێندکاراندا رەچاوی ئەو تواناو حەزوو ئارەزوانە بکرێت (قەرەچەتانی،2008: 14). پڕۆگرامی خویندن لە پڕۆگرامێکی پەروەردەییە و زیاتر بە ئامانجی بەرەو پێشبردنی کرداری پەروەردەی سە ریهەڵداوە ، کە لە سەرەتادا تەنها بريتيی بوو لە گەیاندن و گواستنەوەی زانیارییەکان لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر، کەتەنها پەرەپێدانی لایەنی ژیری تاك رەچاوکرابوو تیایدا بە بێ گوێدانە لایەنەکانی تر وەك( لایەنی دەروونی ، ویژدانی ،کۆمەڵایەتی ..... هتد)تاك .

لەژێر رۆشنایی ئەمانەی سەرەوە توێژەر ڕای وایە کە پڕۆگرام بريتيە لە سیستەمێکی دیاریکراوی پڕ لە پلانی تایبەت و گونجاو بۆ بوارێك یاخود تایبەت بە قۆناغێك یان زیاتر لە بابەتێك و قۆناغێك بۆ مەبەستی دیاریکراو، ئەم پڕۆگرامە لە ناوەندەکانی خوێندن پێشکەش دەکرێت هەرشتێك دەگرێتەوە کە قوتابخانە پێشکەشی قوتابی دەکات، بەڵام هەرچی پڕۆگرامی خوێندنە پڕۆگرامێکە گشتگیرو هەمەلایەنە کە هەموو پلان دانانێکی پرۆسەی پەروەردە و فێربوون دەگرێتەوە کە لەناوەوە دەرەوەی قوتابخانە بنیات دەنرێت بۆمەبەستی ئامادەکردنی قوتابی لەسەر بنەمای دەروونی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و بارودۆخی ژینگەیی کە قوتابخانە لێی بەرپرسە.

بەڵام بەهۆی پێشکەوتنی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی و گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان وایکرد کە گۆڕانکاری لە پڕۆگرامەکاندا بکرێ و جگە لە ئەرکە سەرەتاییەکەی ئەرکی تری کۆمەڵایەتی بخرێتە پاڵ ئەمەش بوو بەهۆی ئەوەی کە پڕۆگرام بە شێوەیەکی گشتی دابەش بێت بەسەر دوو جۆر کە ئەمانەن:

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

1- پڕۆگرامی کۆن: مەبەســـت لە پڕۆگرامی کۆن ئەو پڕۆگرامە ســـەرەتـاییـانەن ، کە لە کۆنـدا پەیرەودەکران وە ئەرکیان بریتیی بوو لە :

أ- گواستنەوەی زانیاری و ڕۆشنبیری نەوەکانی ڕابردوو بۆ نەوەکانی دوای خۆی.

ب- کۆمەڵێـك زانیـاری و بیری دیـاریکـراوبوو کە قوتابی لە چوارچێوەی پڕۆگرامێکی دیـاریکراودا لە قوتابخانەدا دەیخوینی .

ج- ئەم پڕۆگرامە کتێبی قوتابخانە دەکاتەسـەرچاوەی سـەرەکی فێربوون و زانیاری ، سـەرچاوەکانی تری فێرکردن پشگوێ دەخا.

2-پڕۆگرامی نوێ: چەمکی پڕۆگرام بە واتا نوێیەکەی بریتیە لە کۆمەڵێك ئەزموونی جۆراوجۆر کە بە قوتـابیـان دەبەخشـــرێـت لە ڕێگـای قوتـابخـانە، پڕۆگرام لێرەدا هەڵگری دوو ئەرکی ســـەرەکییە ئەوانیش:

أ- ئەرکی تـایبەت بە قوتـابخـانە: کە بریتیە لە کۆمەڵێـك زانیـاری و ئەزموونی فێرکـاری تـایبەت بە قوتابیان.

ب- ئەرکی کۆمەڵایەتی : بریتیە لە پێگەیـانـدنی منداڵ لە ڕوانگە جۆراوجۆرەکـانی وەك( گەشـــەی عەقڵی ،دەروونی ، کۆمەڵایەتی ، ئایینی )( الوکیل،2005 : 16،24)،(یونس وآخرون (2004،17).

## 2-1-2 ئامانجەکانی پڕۆگرام:

گرینگترین ئامانجەکانی پڕۆگرام ئەمانەن:

1- لەبەرچاو گرتنی پێوســـتیەکانی کۆمەڵگە بە شـــێوەیەکی گشـــتی وە پێویســـتیەکانی قوتابی بەشێوەیەکی تایبەتی.

2- بەستنەوەی قوتابخانە بە کۆمەڵگا(السرور ، 2005 :25).

3- گەشـــەپێدانی توانای بیرییەکان و ئاراســـتەکردنیان بەرەو جێبەجێکردنی پڕۆســـەی توێژینەوەو تاقیکردنەوە

4- وەبەرهێنانی چالاکی قوتابی لە فێرکردندا. (عبدالله، 2016: 189).

لەژێر ڕۆشـــنایی ئەم خـاڵانەی ســـەرەوە توێژەر پێ وایە کە ئـامـانجی پرۆگرام ئەوەیە کە لەگەڵ پێویســـتەکانی کۆمەڵگا و پێویســـتەکانی قوتابی بگونجێت، پرۆگرامە کە دەبێت خزمەتی کۆمەڵگا بکات و لەگەڵ گۆڕانکاریەکانی سەردەم و پێشکەوتنەکان بگونجێت، وە هەروەها پێویستە پرۆگرام ڕۆڵی گرینگی هەبێت لە بەسـتانەوەی ژینگە بە قوتابخانە و قوتابیان، پرۆگرام بۆ بەرەو پێشـبردنی سیستەمی پەروەردە سەری هەڵداوە ئامانجیشی بەرەو پێشبردنی سیستەمی پەروەردەیە لە ڕێگای جۆراو جۆرو ئامانجی جۆراوجۆرەوە.

## 2-1-3 چەمکی ژینگە

ژینگە لە نێوان پسپۆڕان و شارەزایان پێناسەی جیاجیایی بۆکراوە لە ڕووی زمانەوانیەوە ووشەی ژینگە لە زمانی ئینگلیزی لە وشـــەی (Environment) وە هاتووە کە لە دوو بڕگە پێکهاتووە بڕگەی یەکەم (ENVIRON) واتە دەوروبە ، بڕگەی دووەم (MENT) واتە بـارودۆخی دەوروبە (ســـلوم ، 2005-2004 :63-64)، لە زمانی عەربیش ووشـــەی ژینگە وەرگیراوە لە وشـــەی (بوأ) کە واتای وشـــەی ماڵ یان نیشـــتمان ، خوای گەورەش لە ســـورەتی حەشـــر ئایەتی 9دا دەفەرموێن ((**وَالَّذِينَ تَبَوَّءُوا الدَّارَوَالْإِيمَانَ** ))واتە شـــاری مدینەی پیرۆزیان کردووە بە ژینگەو ماڵیان ( الهيتي و اخرون ، 2009 : 16).

ژینگە بەگوێرەی زانســـتەکان وبۆچوونی زاناکان و پســـپۆڕانی بایەلۆجی وفیزیاو کیمیا دەگۆڕێ لەســـەربنەماو پێداویســـتی ژیانی مرۆڤ ولەرووی کۆمەڵایەتی وئابووری وتەندروســـتییەوە ،بەڵام هەموو وادەسەلمێنن کە ژینگە شوێنی حەوانەوەو کارکردن و گەشت وگوزارو پشوودانە "لەبەرئەو ژینگە بریتیە لە وزانســـتەی کە ڕاســـتەوخۆ پەیوەندی هەیە بە ژیان و ســـەرجەم ئەو هۆکارانەی کاریگەری وپەیوەندی ڕاستەوخۆیان لەسەرژیان هەیە کەواتە ژینگە ژیانە .( عزيز، 2017 :لا1).

هەروەها زانستی جوگرافیا پێناسەی ژینگەی کردووە بەوەی چوارچێوە ماددی و واتایی وژیانەی کە مرۆڤ تیادەژی ،ئەم چوارچێوەش خۆی دەبینێتەوە لە خاك وئاووهەوا ، کە ئەمانیش پێك هاتوون لە پێکهاتە ماددی و کاریگەریەکان و زیندەوەران(سعود، احمد .1993: لا61).

هەندێك لە زانایان وتوێژەرا ژینگە دابەش دەکەن بەسەر دوو بەشی سەرەکییەوە کە ئەمانەن:

### 1.ژینگەیی سروشتی :

ژینگەی سروشتی لەڕواڵەتی نازیندوو و زیندوو پێکدێت ، ڕواڵەتی نازیندووش کۆی ئەو ڕەگەزە نازیندوانە دەگرێتەوە لە ژینگەدا کە مرۆڤ تا ئێستاش دەستەوسانە لە کۆنترۆڵ کردنیدا، بۆنموونە ئەگەر سەرکەوتووبین لە چاککردنی پلەی گەرمی ژوورەکەمان و ئۆتۆمبیلەکەماندا بەڵام بێدەسەڵاتین لە چاککردنی دەرەوەدا ( الشرنوبی ، 1981:لا8).

### 2.ژینگەی دروستکرد (مرۆیی ):

مەبەست لە ژینگەی مرۆیی یان ( شارستانی )مرۆڤ وڕەوشت و بەرهەم و دەسکەوتەکانێتی کە لەناو ژینگە سروشتییەکەیدا وەدەستی دەهێنێت بەمەرجێ شوێنکاری ئەو بەرهەمە جیاوازانە بوارێکی جیاکاری لە نیشانەو تایبەتمەندییەکانی ژینگە مرۆییەکەدا دروست کردبێت "ئادەمیزادیش وەك دەرکەوتەیەکی مرۆڤایەتی لەڕووی ژمارەو چڕی و ڕەچەڵەك و پلەی شارستانێتی و باڵادەستی لە زانستەکاندا لە ژینگەیەکەوە بۆ ژینگەیەکی دی دەگۆڕێت ئەوەش دەبێتە هۆی جیاوازیی کارلێکردنەکەی و لێکنەچوونی شوێن دەستەکانی کە وەك مۆرکی ئادەمی بە ژینگە کەیەوە دیاردەبێت (بەرزنجی ،2001: لا13).

لە ژێر ڕۆشنایی ئەم پێناسانەی سەرەوە توێژەر پێیوایە پێناسەی ژینگە بریتیە لەو دەورو بەرە ژیان بەخشەی کە پێکهاتووە لە بوونەوەرە زیندووەکان و لە مرۆڤ و ڕووەك وپێکهاتەکانی گیاندارەکان و هەرچی دەوری داوە لە ئاووهەوا و خاك و ئەوەی لە خۆی دەگرێ لە ماددەکانی رەق و شلەو گازەکان کە چواردەوری مرۆڤیان داوە " یاخود ژینگە ئەو ناوەندەیە کە بە هەموو پیکهاتە زیندوو نازیندووەکانی چواردەوری مرۆڤیان داوە، ژینگەش بەشێویەکی سەرکی دوو جۆرە ژینگەی سروشتی کە مرۆڤ دەستی لە دروستکردنیدانیە وەك ئاوو هەوا و خاك، ژینگەی مرۆیی ئەو ناوەندانە دەگرێتەوە کە مرۆڤ دروستی دەکات وەك ژینگەی کۆمەڵایەتیەکان و کۆمەڵگاکان و شارەکان، وە بەشێویەکی پوخت دەتوانین بلێن ژینگە واتا ژیان.

### 4-1-2 پیسبوونی ژینگە

پیسبوونی ژینگە بریتییە لە هەرشتێك بەهۆی تەکنەلۆژیای بەکارهاتووەوە ببێتە هۆی دروستبوونی مادەیەکی نامۆ لە هەواو ئاو و ڕووپۆشی زەویدا، کە بەشێوەیەکی بەرچاو کاریگەری دەبێت لەسەر

جۆری بەرهەم و لە دەســـتدانی گونجاوی و نەمانی تایبەتمەندییەکانیان، یان کاریگەری دەبێت لەســـەر مانەوەی ئەو بەرهەمانە(البان، 2006: 49)، پیســـبوونی ژینگە بریتیە لە تێکەڵبوون و ئاوێتەبوونی یەکێك لە ڕەگەزەکانی ژینگە (زەوی ، ئاو، هەوا) بەمادەیەکی دیکەی پیس و زیانبەخش بە شـــیوەیەك کە کاریگەریی نەرینی دروســـت دەکات لەســـەر پیکهاتەی ڕەگەزەکانی ژینگە ،یاخود شتێك کە دەبیتە هۆی کەمکردنەوەی ئەرکە سروشتیەکانی ڕەگەزەکان( بەلبەع ، 2013: 23).

## 5-1-2 گرفتە ژینگەییەکان

### 1-5-1-2 چەمك وپێناسەی گرفتەژینگەییەکان

گرفتە ژینگەییەکان بریتین لەو دیاردانەی کە دروست دەبن لە ئەنجامی کارلێکردنی نێوان مرۆڤ و ژینگە لەیەکتر لەبەرگی جوگرافی دا وە ئەم کارلێکردنە دەبێتە مایەیی تێکدانی سیستەمی ژینگەو کاریگەری نەرێنییان (نێگەتیفیان) هەیە لەسەر ژینگەی مرۆڤ بۆیە پێویستە چارەسەر بکرێت(نەقشبەندی،2017: 4).یاخود گرفتە ژینگەییەکان لەڕوانگەی ژینگەوە بریتیە لە لەدروستبوونی ئالۆزیەکان یاخود ڕوودانی گرفتێك یان تێکچوونی پەیوەندی نێوان فاکتەرەکانی سیستەمی ژینگەیی، وئەوەی لەئەنجامی ئەم ئالۆزیە دروست دەبێت لەمەترسی یان زیان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، ئێستا یان لەئایندەدا و ئەوەی دەبینرێت و ئەوەی نابینرێت ( عبدالمقصود،2000: 72).

لەژێر ڕۆشنایی ئەمانەی سەرەوە توێژەر پێی وایە گرفتە ژینگەییەکان بریتین لە و گرفتانەی دروست دەبن لە ئەنجامی کارلێکی نێوان مرۆڤ و ژینگە، کاریگەریان دەبێت لە سەر تێکچوونی سیستەمی ژینگە کە گاریگەری مەترسی داری هەیە لە سەر ژینگە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، لە ئێستادا یاخود لە ئایندەدا.

### 2-5-1-2 گرینگترین گرفتە ژینگەییە مەترسیدارەکان لە جیهان :

ڕۆژ لە دوای ڕۆژ کۆمەڵگای مرۆڤایەتی ڕووبەڕووی گرفتی ژینگەی نوێ دەبێتەوە کە کاریگەریان هەیە لەسەر تێکچونی سیستەمی ژینگە بەگشتی لەگرفتە ژینگەیە مەترسیدارەکان ئەمانەن:

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

### 1.گرفتی گەشەسەندنی دانیشتوان :

گەشەسەندنی دانیشتوان بە یەکێك لە گرینگترین و مەترسی دارترین گرفتەژینگەییەکانی جیهان دادەنرێت ،چونکە ژمارەی دانیشـــتوان بەرێژەیەکی زۆرخێرا و مەترســـیدار زیاد دەکات ، کە کاریگەری ڕاســـتەوخۆی هەیە بە زیادبوونی پێویســـتیەکانی ژیان وەکو شـــوێنی حەوانەوە زیاد بەکارهێنانی سوتەمەنی ، زۆربوونی بڕینەوەی دارستانەکان ، لە ناوبردنی زیاتری زەوی کشتوکاڵی لە پێناو دابینکردنی خۆراك ،کە ئەمەش دەبیتە هۆی زیاد بەهەدەردانی ماددە نوێیەکان و کۆنەکان ، پیسبوونی هەوا و ئاو وخاك(شریف،2008، ص198).

### 2.گرفتی ترشە باران

یەکێکە لە گرفتە ژینگەییەکان کە زۆربەی وولاتانی جیهان بەدەســـتەوە دەناڵێنن ، ئەم گرفتە لە ئەنجامی دوکەڵی وێســـتگەکانی بەرهەم هێنانی وزە و ئۆتۆمبیل و کارگەکان دروســـت دەبێت، لەئەنجامی ئەو ماددە کیمیاویانە دروســـت دەبێت کە لە گڕکانەکانەوە دەردەچێت،دەرچوونی هەندێ ماددەی کیمیاوی لە شـــیبوونەوە رووەك دروســـت دەبێت ،ئەم جۆرە بارانە( ترشـــە باران ) کاریگەری خراپ دەکاتە ســـەرڕووبەرە ئاوییەکان و رێژەی هایدرۆجین کەم دەکاتەوە ، توانای بەرگری دارو درەخت کەم دەکات لەڕووبەڕوو بوونەوەی ژینگەی نوێ(حمدامین،2021: 172).

### 3.گرفتی بەبیابان بوون:

مەبەست لەبەبیابان بوون گۆڕینی زەوی و رووبەرەکانی سەوزی سەر زەمینە ( دارستانەکان ـــ گژ وگیاـــــ کێڵگەکان) بۆ بیابان بوون و بێ بەرهەم بوون کەهیچ ســـوودێك بۆ مرۆڤەکانی نەبێت. زانایان تەخمین دەکە ن کە ئێستا رووبەری چارەگی وشکانی زەوی تووشـی کێشـەی بیابان بوون بویتەوە، هەروەها ئەو ناوچانەی کە بارانیان کەمە و ناوچەی وشـــك و نیچمە وشـــکن و رێژەی هەڵمیان لێی زۆرە زیاتر لەهەموو ناوچەکانی تر مەترســـی بیابان بوونیان لەســـەرە، (هـــــ ن، هیرۆ)کەیەکێکە لەزانا بەناوبانگەکانی ژینگە ئاماژە دەکات ( مرۆڤ بەخۆی بیابان دروست دەکات، کەش و هەوا تەنها بەرپرســـە لەئامادەکردنی رەوشـــێکی گونجاو)(محمدين ،الفراء،2002: 416-417).

### 4.قەتیس بوونی پلەی گەرما:

ئەمە لەئەنجانی بەرفراوانی وەزیە بەهەموو جۆرەکانیەوە، لەگەڵ کەمبوونەوەی ڕووبەری زەوی دارستانەکان زیاتر لەدە ملیون هەکتار ساڵانە، هەروەها زیادبوونی ڕێژەی دووەم ئەکسیدی کاربۆن کەلەکۆتایی دا دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی پلەکانی گەرما و ئەمەش دەبێتە هۆی تاوانەوەی سەهۆڵ و دواتر زیادبوونی ئەو پانتایەکەی کەئاو دایدەپۆشێت و بەرزبوونەوەی ئاستی ئاوی دەریا و ئۆقیانۆسەکان، کەلەئەنجامدان ژمارەیەك لەدوورگەکان و پانتایەکی زۆری دەشتی کیشوەرەکان نقۆمی ئاو دەبن و رووبەری کیشوەرکانیش کەم دەبێتەوە**(محمدين ،الفراء،2002: 417)**.

### 5. خۆڵبارین:

دیاردەی خۆڵبارین و تەپ وتۆز یەکێکە لە دیاردە ترسناکەکان کەدووچاری ناوچەکانی باشوری خۆرئاوای ئاسیا دەبێت بەتایبەتی ووڵاتی عێراق، کە بۆتە دیاردەیکی زەق تێکەڵ بە ئاوو هەوای عێراق بووە ، بەتایبەتی دوای ئەوپەرەسەندنەی کە کۆتایی سەدەی رابردوو دەستی پێکردووە ڕۆژ بەڕۆژ لە بەردەوامبووندایە ، کە کاریگەری هەیە لەسەر ژیانی مرۆڤ وزیندەوەران و کشتوکاڵ ، بەجۆری کاریگەری هەیە لەسەر تەندروستی مرۆڤ کە دووچاری نەخۆشی هەناسەدان دەبنەوە، دەبێتە هۆی گۆرینی پێکهاتەی خاك لە خاکی بەپیت بۆخاکێکی بێ پیت و توانا،هۆکارە بۆبلاوبوونەوەی پەتاو نەخۆشی وگۆاستنەوەی لە ناوچەیەکەوە بۆناوچەیەکی تر(شەریف، ئەوانی تر،2018: 78-80).

### 6. داخورانی چینی ئۆزۆن:

گازی ئۆزۆن ئەوگازەیە کە بەرێژەی90% لە چینی ستراتۆسفیر داهەیە ، یەکێکە لەو گازانەی کە بۆ پاراستنی بوونەوەر بەگشتی و ڕەخساندنی ژیانی مرۆڤ لەسەر گۆی زەوی وەك ماددەیەکی گرنگ و پێویست زۆر بەهادارە ، کاری ئەم چینە هەوایە مژین و نەهێشتنی پەڕینەوە یان گەیشتنی تیشکە زیان بەخشەکانە بۆسەرزەوی بەتایبەتی تیشکی (سەروو وەنەوشەیی)،کە هۆکارن بۆ توشبوونی مرۆڤ بە چەندەها جۆری نەخۆشی وەك نەخۆشی شێرپەنجەی پێست و لاوازکردنی سیستەمی بەرگری ، بێگومان بەرزبوونەوەی پلەی گەرماو زۆربوونی رێژەی پیسبوونی هەوا

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هۆکارە بۆ داخورانی ئەم چینە هەوایە ، ئەم چینە کەوتۆتە ژێر مەترسی لەناوچوون و تەنکبوونەوە بەهۆی پێشکەوتنی شۆرشی پیشەسازی و کەمبوونەوەی ڕووبەری کشتوکاڵی و بڕینەوەی دارستانەکان کە بەهۆیانەوە ڕێژەیەکی زۆر مادەی زیان بەخش دەچنە بەرگە هەواو کاریگەری لەم چینەدەکەن و زیانی پێدەگەێنن(عبدالقدر،ئەوانی تر ،2011: 133).

یسبوونی ژینگە و خێرایی گۆڕانکاری کە بەرکەوتەی دەبێت، پێویستی بە گرنگیدانی زیاترە نەک تەنها لەگەڵ پرسی ژینگەپارێزی، بەڵکو لەگەڵ پرسی پێشبینیکردنی دۆخەکەی لە ئایندەیەکی نزیکدا یان ، ڕۆڵی جوگرافی لە چارەسەرکردنی ئەم پرسەدا گرنگییەکی زۆری هەیە، بەو پێیەی کە، توێژینەوە جوگرافییەکان ئاماژە بە گۆڕانکارییە ئەگەرییەکان دەکەن کە لەوانەیە کاریگەرییان لەسەر ئیکۆسیستەمەکان هەبێ (جۆگرافی)، بە تایبەت ئەو گۆڕانکاریانە یان قەیرانانەی کە لە ئارادان، و بە شێوەیەکی کاریگەر بۆ ئاراستەکردن و بەڕێوەبردنی، و کەمکردنەوەی تا دەتوانرێت کاریگەرییەنەرێنی یان نەخوازراوەکانی دەرئەنجامی دەربارەی ئەو. توێژەری جوگرافی دەیەوێت پێشبینی بکات، بۆ نموونە، دیاردەی شارنشینی، بیابانبوون، پیسبوون، یان دیاردە ژینگەییەکانی تری شار، گوند یان سروشتی کە دەبێت چارەسەر بکرێن و پلانیان بۆ دابنرێت.

## 2-2 توێژینەوەکانی پێشوو:-

### 1-2-2 خستنەڕووی توێژینەوەکانی پێشوو:

#### 1- توێژینەوەی برهوم(2012)

لە ژێر ناونیشانی ( المشكلات البيئية المتضمنة في محتوى كتاب الجغرافيا للصف الثامن الأساسي و مستوى اكتساب الطلبة لها)

ئامانجی توێژینەوەکە بریتیە لە دەست نیشانکردنی گرفتە ژینگەیەکانی کەپێویستە لەناو ناوەرۆکی پەرتووکی جوگرافیای پۆلی هەشتەمی بنەرەتیدا هەبێت، هەروەها ئاشکرایکردووە ئایا چەند پرۆگرامەکانی خوێندن لەپارێزگەکانی فەلەستین ئەم گرفتانەی لەخۆی گرتووە، دواتر پیوەرکردنی ئاستی وەرگرتنی قوتابیانی پۆلی هەشتەمی بنەرەتی بۆ ئەم گرفتانەی ژینگە بەرێگای تاقیکردنەوی مەعریفیەوە، توێژەر ڕێبازی وەسفی شیکاری بەکاری هێناوە و دوو ئامرازی توێژینەوە بەکارهێناوە کەبریتین لە: ئامرازی شیکاری بۆ ناوەرۆکەکان، شیکردنەوەی ناوەرۆکی پەرتووکی جوگرافیای پۆلی هەشتەمی بنەرەتی بەپێی لیستێکی گرفتە ژینگەیەکان

کەئامادەکراون و بەشــێوەیەکی کۆتایی لە (35) بڕگەی گرفتی ژینگەیی پێکهاتووە، هەروەها ئامرازی تاقیکرنەوەی مەعریفیی کە (35) بڕگەی لەخۆی گرتووە ودابەشــی پێنچ بواری ســەرەکی کراوە وەکو: توکڵی هەوایی، توکلی ئـاوی، توکلی بەردی، توکلی زینـدوو، الحیوی" و گرفتەکانی پەیوەسـت بە سـەرنشـینانەوە، نموونەی  توێژینەوە لە ( 396) قوتابی پۆلی هەشـتەم پێکهاتووە لەگەڵ ناوەرۆکی پەرتووکی ویزاری فەلەســتینیش " جوگرافیای ژینگەکان" بۆ پۆلی هەشـــتەمی بنەرەتی ( بابەتی جوگرافیایی پۆلی هەشــتەمی بنەرەتی). ئەنجامەکان دەریخســتووە کەلیســتی گرفتە ژینگەیەکان پێنچ بواری لەخۆی گرتووە وەکو: : توکڵی هەوایی، توکلی ئاوی، توکلی بەردی، توکلی زیندوو، الحیوی" و گرفتەکانی تـایبەت بە ســـەرنشـــینان وبوارەکانی ســـەرەکی گرفتە ژینگـەیـەکـانیش (35) گرفـت بووە و پـەرتووکیش (22) گرفتی ژینگـەیی لـەخۆی گرتووە و گرفتەکانی پەیوەست بەسەرنیشینان زیاتر هاوسەنگیان هەبووە لەگرفتەکانی تر، بەڵام کەمترین ڕێژە بۆ ئەو بابەتانە بووە کە گرفتە ژینگەیەکانی توکلی بەردی لەخۆ دەگرتووە، لەگەڵ ئەمەش جیـاوازی بـەهـاداری ئـامـاری لەئـاســـتی وەرگرتنی گرفتە ژینگـەیـەکـان لـەلایـەن قوتـابیـانی پۆلی هەشتەمی بنەرەتی لەسەربنەای جیاوازی ڕەگەز لەبەرژەوەندی ڕەگەزی نێردابووە( برهوم،2012: ج-د-ه).

## 2- توێژینەوەی الحربي 2015:

**لە ژێر ناونیشــانی(تقويم محتوى منهج الدراســات الاجتماعية والوطنية للصــف الأول المتوســط بالمملكة العربية السعودية في ضوء مشكلات البيئة).**

ئامانجی توێژینەوەکە بریتیە لە هەڵسـەنگاندی ناوەڕۆکی پرۆگرامی بابەتی کۆمەڵایەتیو نیشـمانی پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی لە عەرەبسـتانی سـعودی لە ژێر ڕۆشـنایی گرفتە ژینگەییەکان ، لە پێناوە گەیشتن بە ئامانجی توێژینەوەکە  ڕێبازی وەسفی شیکاری بەکارهێناوە، نموونەی توێژینەوەکەش بریتیە لە پەرتووکی بابەتی کۆمەڵایەتی و نیشــتمانی پۆلی یەکەمی ناوەندی، ئامرازی بەکارهاتوو بۆ توێژینەوەکە بەکارهینانی لیســتی تایبەت بە گرفتە ژینگەییەکان کە پێکهاتووە لە (35) گرفتی ژینگەی کە توێژەر پێشــکەشــی کردووە، کە دابەش کراوە بەســەر پێنج بوار ئەوانیش بواری ( هەوایی ، ئاویی، ووشکانی، زیندەکی، گرفتە کانی تایبەت بە دانیشتوان)، توێژینەوەکە گەیشتووە بەو ئەنجامەی کە ناوەڕۆکی بابەتی کۆمەڵایەتی و نیشـتمانی پۆلی یەکەمی ناوەندی لە شـانشـینی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

عەرەبستانی سعودی بۆساڵی خویندنی (2015-2014) (15) گفتی ژینگەیی لەخۆگرتووە بە ڕێژەی (42.8%) لە کۆیی گشتی (35) گرفتی ژینگەیی.

## 2-2-2 بەراوردکردنی نێوان توێژینەوەکانی پێشوو: بروانە خشتەی ژمارە(1)

خشتەی ژمارە(1) بەراوردکردنی نیوان توێژینەوەکانی پێشوو

| ژ | توێژەر/ساڵ | بابەت | نموونەی توێژینەوە | قۆناغی خوێندن | ڕێبازی توێژینەوە | شوێن | ئامرازی توێژینەوە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | برهوم 2012 | جوگرافیا | پەرتووك+قوتابی | پۆلی هەشتی بنەڕەتی | وەسفی شیکاری | فەلەستین | پێوەر+ تاقیکردنەوەی بەدەستهینان |
| 2 | الحربي 2015 | کۆمەڵایەتی ونیشتمانی | پەرتووك | پۆلی یەکەمی ناوەندی | وەسفی شیکاری | سعودیا | لیستی تایبەت بەگرفتەژینگەییەکان |

## بەشی سێیەم

# 3. ڕێکارەکانی توێژینەوە

### 1-3 ڕێبازی توێژینەوە:

توێژەر ڕیبازی وەسفی شیکاری بەکارهێناوە بەهۆی گوونجانی لەگەڵ سروشتی توێژینەوەکە.

### 2-3 کۆمەڵگای توێژینەوە:

کۆمەڵگای توێژینەوە بریتیە لە سەرجەم مامۆستایانی وتنەوەی بابەتی جوگرافیا لە قۆناغی ئامادەی لە قوتابخانەکانی پەروەردەی ناوەندی هەولێر کە ژمارەیان (247) مامۆستایە .

**3-3  نموونەی توێژینەوە:**بریتیە لە (70) مامۆستایانی ووتنەوەی بابەتی جوگرافیایی پۆلی یازدەی ئامادەی لە قوتابخانەکانی پەروەردەی ناوەندی هەولێر، بە ڕێژەی (30%).وە (29) مامۆستا پسپۆڕی جوگرافیایە بە ڕیژەی (41%)، (16) مامۆستاش پسپۆڕیان مێژووە، (21) مامۆستاش پسپۆڕی زانستە کۆمەڵایەتیەکانە وە (4) مامۆستاش لە پسپۆڕی ترن.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**4-3 ئامرازی توێژینەوە:**

بۆ مەبەستی کۆکردنەوەی زانیاری و بەدەستهێنانی ئامانجەکانی توێژینەوەکە، پاش وەرگرتنی ڕای شارەزایان، بە پشت بەستن بە سەرچاوەکان و پشتڕاستکردنەوەی توێژەرانی پەروەردەی، توێژەر ئامرازی فۆرمی ڕاوەرگرتن (الاستبیان) ی بە ئامرازێکی گونجاو بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکانی توێژینەوەکەی بە باش زانیوە، لەبەرئەوەی توێژەر ئامرازێکی ئامادەکراوی دەستنەکەوت کە وەك و پێویست بێت بۆ مەبەستەکانی توێژینەوەکەی، بۆ ئامادەکردنی ئامرازی توێژینەوەکە توێژەر سودی لە خوێندنەوەی چەند سەرچاوەیەکی نزیك لە بابەتەکە و لایەنی تیۆری توێژینەوەکە و توێژینەوەکانی پێشوو و فۆرمی ڕاپرسی کراوە بینیوە ، بۆیە هەڵساوە بە دروستکردنی ئامرازێکی ڕاوەرگرتنی گونجاو بۆ توێژینەوەکە، ئەمیش سەرەتا هەڵساوە بەئەنجامدانی ڕاپرسی کراوە لەسەر کۆمەڵێك لە مامۆستایان وە خوێندنەوەی سەرچاوەی زانستیو لایەنی تیۆری توێژینەوەکەو بابەتی جوگرافیایی پۆلی یازدەی ئامادەیی فۆڕمێکی ڕاپرسی (77)برگە پێکهێنرا.

**5-3 ڕاستگۆیی :**

1- ڕاستگۆیی ڕووکەشی: توێژەر ئامرازی توێژینەوەکە خستە بەردەم کۆمەڵێك لە کەسانی پسپۆڕو شارەزا لە بوارەکانی جوگرافیا و وانەوتنەوەوپێوانەوهەڵسەنگاندن وپسپۆڕی دەرونزانی دەرکەوتکە ڕاستگۆیی ڕووکەشی بەڕێژەی(93%) کە ئەمەش ڕاستگۆیی ئامرازی توێژینەوەکە دەسەلمێنێت.

2-ڕاستگۆیی بونیاتنان:توێژەر هەڵساوە بە ئەنجامدانی ڕاستگۆیی بونیاتنان بۆ فۆڕمی ڕاپرسیەکە بەم جۆرەی خوارەوە:

1- هێزی جیاکاری بۆ برگەکان: بۆئەم مەبەستە توێژەر هەڵساوە بە دەرهێنانی بەهای **(t-test)** بۆ هەموو برگەکانی فۆڕمەکەی کە بەها **(t-test)** لەنێوان (0.966 -9.012) بووە ئەو برگانەی نرخی ئەگەریان لە ئاسی **(a ≤0.05)** زیاتر بووە ئەوالادراون بە هێزی جیاکاری بۆیە (4) لە برگەکان لادراون فۆڕمەکە بەشیوەیەکی کۆتایی (73)برگە مایە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

2- ڕاستۆیی کونجانی ناوەخۆیی : بۆ ئەم مەبەستەش توێژەر هەڵساوە بە بەکارهینانی هاوکۆلکەی پەیوەستبوونی پیرسوون بۆ بڕگەکان کە لەنێوان (0.778 -0.838) دابووە کە ئەمەش ئەوە دەردەخات کە هەموو بڕگەکانی فۆڕمی ڕاپرسیەکە گونجانی ناوەخۆیان بەرزە.

**6-3 جێگیری:** بۆ دەرهێنانی جێگیری پێوەرەری فۆڕمی ڕاپرسی گرفتە ژینگەییەکان ئەم توێژینەوەیە، توێژەر هەڵساوە بە بەکارهێنانی هەرێکە لە ڕێگای ئەلفاکرۆنباخ کە ئەنجامی **(Cronbach's Alpha)**کی ئەنجامەی بریتی بووە لە (0.948) بۆ گشت بڕگەکان کەئەمەش نیشانەی جێگیری فۆڕمەکە نیشان دەدات،و ڕێگای دووبارە جێبەجێکردنەوەی ئامرازەکە **(Test-Re-test)** ئەنجامەکەی بریتی بووە لە (0.954) وە بەهای ئەگەری **(p-valu)** بریتیە لە (0.00) کە بچوکترە لە هەلەی ڕێپێدراوی ئاماری **( a ≤0.05)** بۆیە ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە گشت بوارەکانی فۆڕمەکە جێگیریان بەرزەو داتوانرێت بەکاربهێنرێت لەسەر نموونەی توێژینەوەکە. کە لە خشتەی ژمارە ( 2) روونکراوەتەوە .

**خشتەی ژمارە(2) بەهای هاوکۆلکەی پیرسۆن بۆ ژماردنی پێوەری جێگیری گرفتەژینگەییەکان**

| تاقیکردنەوە | ناوەندەژمێری | لادانی پێوەری | بەهای هاوکۆلکەی جێگیری | Sig |
|---|---|---|---|---|
| جێبەجێکردنی یەکەم | 294.20 | 45.43 | 0.954 | 0.00 |
| جێبەجێکردنی دووەم | 295.27 | 38.43 | | |

**7-3 ئامرازە ئامارییە بەکارهاتووەکان:**

1- ناوەندی ژمێری ولادانی پێوەری بۆ گشت بڕگەو بوارەکان.

2-هاوکێشەی ئەلفا کورنباخ.

3- هاوکێشەی پەیوەستبوونی پێرسوون.

4- تاقیکردنەوەی **(t-test)**

4- تاقیکردنەوەی ( In dependent t-test)

5- تاقیکردنەوەی **(Anova)**بۆ سێ گروپی سەربەخۆ.

## بەشی چوارەم

## 4.خستنەڕووی ئەنجامەکانی توێژینەوە و شیکردنەوەیان:

توێژەر لەم بەشـەدی توێژینەوەکەیدا هەڵدەسـتێت بە خسـتنەڕووی ئەنجامەکان و شـیکردنەوەی ئەو داتایانەی کە لە ڕێگەی ئامرازی ڕاپرسی بەدەستی هاتووە.

**4-1 زانینی ناوەندی ژمێری و لادانی پێوەری تایبەت بە گرفتە ژینگەییەکان لەبابەتی جوگرافیایی پۆلی یازدەی ئامادەیی لەڕوانگەی مامۆسـتایان لەقوتابخانە ئامادەییەکانی پەروەردەی ناوەندی هەولێر؟**

بۆ گەیشتن بە ئەنجامی ئەم پرسیارەی سەرەوە توێژەرهەڵساوە بەدەرهێنانی ناوەندی ژمێری ولادانی پێوەری بۆهەریەکەلە بوارەکانی فۆرمی ڕاپرسی تایبەت بە توێژینەوەکە لەڕیگەی وەڵامی مامۆستایان بۆگرفتە ژینگەییەکان لەبابەتی جوگرافیایی پۆلی یازدەی ئامادەیی لەپەروەردەی ناوەندی هەولێر وەك لەخشتەی(3)خراوەتەڕوو.

**خشتەی (3) ناوەندی ژمێری ولادانی پێوەری بۆوەڵامی مامۆستایان دەربارەی گرفتە ژینگەییەکان لەبابەتی جوگرافیایی پۆلی یازدەی ئامادەیی**

| ڕێکخستن | ژمارە | بوار | ناوەندی ژمێری | لادانی پێوەری |
|---|---|---|---|---|
| 1 | 5 | دانیشتوان | 4.56 | 0.318 |
| 2 | 4 | زیندەکی | 4.51 | 0.328 |
| 3 | 1 | هەوایی | 4.50 | 0.302 |
| 4 | 3 | ووشکانی | 4.46 | 0.347 |
| 5 | 2 | ئاوی | 4.41 | 0.341 |
| کۆی گشتی | | | 4.49 | 0.25 |

بەسـەیرکردن لەخشـتەی(3) تایبەت بەزانینی ناوەندی ژمێری ولادانی پێوەری گشـت بوارەکانی گرفتە ژینگەییەکان لە بابەتی جوگرافیایی پۆلی یازدەی لە ڕوانگەی مامۆستایان لە قوتابخانەکانی پەروەردەی ناوەندی هەولێر، بۆمان دەردەکەویت کەبواریتایبەت بەدانیشـتوان بەرزترین ئاسـتی بەدەستهێناوە لەڕووی ناوەندیژمێری بەڕێژەی (4.56) بەلادانی پێوەی (0.318) ، بواری زیندەکی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پلەی دووەمی بەدەستهێناوە بەناوەندی ژمێری (4.51) بەلادانی پێوەری (0.328)، هەرچی بواری هەواییە پلەی سێییەمی بەدەستهێناوە بەناوەندی ژمێری (4.50) بە لادانی پێوەری (0.302) ، بواری تایبەت بەووشکانی پلەی چوارەمی بەدەسهێنایە بەناوەندی ژمێری (4.46) بەلادانی پێوەری (0.347) ، بواری ئاوی بە پلەی پێنجەمدێت بە ناوەندی ژمێری (4.41) ولادانی پێوەری (0.341)، بەسەیرکردن لە ناوەندی ژمێری هەموبوارەکان بۆمان دەردەکەوێت کە بەرزترین پلە بواری دانیشتوان بەدەستی هێناویە وە نزمترین پلەش گرفتە ژینگەییەکانی تایبەت بە بواری ئاوی بەدەستیهێناوە ، وەکۆی گشتی ناوەندی ژمێری هەرپێنج بواری فۆرمی ڕاپرسی تایبەت بەگرفتە ژینگەییەکان لە بابەتی جوگرافیایی پۆلی یازدەی ئامادەیی بریتیەلە (4.490) بەلادانی پێوەری (0.252) بەپلەیەکی بەرزکە ئەمش ئەوە دەردەخات کەگشت لێتویژراوان کە مامۆستایانی بابەتی پۆلی یازدەی ئامادەیی دەڵێنەوە زانیاریان باشە دەربارەی گرفتە ژینگەییەکان لەبابەتی جوگرافیایی پۆلی یازدەی ئامادەیی لە قوتابخانەکانی پەروەردەی ناوەندی هەولێر ، ئەم توێژینەوەیە هاوڕایە لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەکانی (المطیری، 2016) (البنا، 2011) وە هاورانیە لەگەل ئەنجامی توێژینەوەی (برهوم،2012) و (ابراهیم، 2006)، ئەو گرفتە ژینگەیانەی کە باسکراون لە نێو پەرتووکی پۆلی یازدەی ئامادەی بریتن لە ( قەتیس بوونی پلەی گەرما، خۆڵبارین، گەردە لول، ڕاماڵینی خاك، گرکانەکان، بومەلەرزە، سوێری خاك، بەرزبوونەوەی پلەی گەرما).

**2-4 گریمانەی یەکەم :** جیاوازی بەهاداری ئاماری نیە لە ئاستی بەڵگەداری ئاماری ( a ≤0.05) بۆ زانینی ناوەندی ژمێری و لادانی پێوەری گرفتە ژینگەییەکان لە بابەتی جوگرافیایی پۆلی یازدەی ئامادەی لە ڕوانگەی مامۆستایان لە قوتابخانە ئامادەییەکانی پەروەردەی ناوەندی هەولێر لە سەربنەمای جیاوازی ڕەگەز(نێر ،مێ) ؟

بۆگەیشتن بەئەنجامی وەڵامی گریمانەی یەکەم توێژەرتاقیکردنەوەی تائی (in dependent t-teste)بۆ دوو کۆمەلەی سەربەخۆ بەکارهێناوە بۆزانینی جیاوازی زانینی ئاستی گرفتە ژینگەییەکان لەبابەتی جوگرافیایی پۆلی یازدەی ئامادەیی لە ڕوانگەی مامۆستایان لەسەربنەمای جیاوازی ڕەگەزی (نێر، مێ) وەك لە خشتەی (4) خراوەتەڕوو.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**خشتەی** (4) **ئەنجامی تاقیکردنەوەی** (In dependen  t-test) **بۆزانینی ئاستی گرفتە ژینگەییەکان لەبابەتی جوگرافیایی پۆلی یازدەی ئامادەیی لە ڕوانگەی مامۆستایان لەسەر بنەمای جیاوازی ڕەگەز**

| بوارەکان | ڕەگەز | ژمارە | ناوەندی ژمێری | لادانی پێوەری | بەهای تائی ژمێردراو | نمرەی ئازاد | دەلالەت لەئاستی ئاماری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| کۆی گشتی | نێر | 28 | 4.4237 | 0.28014 | -1.813 | 68 | 0.074 |
| | مێ | 42 | 4.5356 | 0.23316 | | | |

بەســـەیرکردن لە ئەنجـامی (In dependent  t-test) بۆزانینی گرفتە ژینگەییەکـان لەبـابەتی جوگرافیایی پۆلی یازدەی ئامادەیی لە ڕوانگەی مامۆســـتایان لەســـەر بنەمای جیاوازی ڕەگەز بەم جۆرەیە، ناوەندی ژمێری ڕەگەزی نێر بریتیە لە (4.42)  بەرامبەر ناوەندی ژمێری بۆ ڕەگەزی مێ کە بریتیە لە (4.53)  بە ســـەیرکردن لە ناوەندی ژمێری هەردوو ڕەگەز دردەکەوێت کە جیاوازی هەیە بۆ زیاتر دڵنیابوون لەوەی کە ئەم جیاوازییە بەهاداری ئامارییە یاخود نا ســەیری بەهای تائی هەژمارکراو بۆ کۆمەڵەکە دەکەین کە بریتیە لە (-1.813)  وە بە نرخی ئەگەری (sig  )کە بریتیە لە (0.074) کە گەورەترە لە ئاســـتی هەڵەی ڕێپێدراوی ئاماری ( a≤0.05) بۆمان دەردەکەویت کە جیاوازی بەهاداری

ئاماری نیە لە زانینی گرفتە ژینگەییەکان لەبابەتی جوگرافیایی پۆلی یازدەی ئامادەی لە ڕوانگەی مامۆستایان لە پەرەردەی ناوەندی هەولێرلە سـەربنەمای جیاوازی ڕەگەز بۆیە گریمانەی سـفری وەردەگرین، گریمانەی بەدیلە ڕەتدەکەینەوە چونگە ڕەگەز کاریگەری نیە لەسـەر ئاسـتی زانینی مـامۆســـتـایـان بۆگرفتە ژینگەییەکـان لە بـابەتی جوگرافیـایی پۆلی یـازدەی ئـامـادەی .ئەنجـامی توێژینەوەکە هـاوڕایە لەگەڵ ئەنجـامی توێژینەوەکـانی (برهوم،2012) و (المطیری،2016) و(البنا،2011).

**3-4 گریمانەی دووەم** :- جیاوازی بەهاداری ئاماری نیە لە ئاستی بەڵگەداری ئاماری ( a ≤0.05) بۆ زانینی ناوەندی ژمێری و لادانی پێوەری تایبەت بە گرفتە ژینگەییەکان لە بابەتی جوگرافیایی پۆلی

یازدەی ئامادەی لە ڕوانگەی مامۆستایان لە قوتابخانە ئامادەی ودواناوەندییەکانی پەروەردەی ناوەندی هەولێر لە سەربنەمای سالانی خزمەت ؟

توێژەر بۆ گەیشتن بەئامانجی زانینی ئاستی زانیاری گرفتە ژینگەییەکان لە بابەتی جوگرافیایی پۆلی یازدەی ئامادەی لە ڕوانگەی مامۆستایان لە سەربنەمای جیاوازی سالانی خزمەت هەڵساوە بە دابەشکردنی سالانی خزمەتی نموونە توێژینەوەکەی بەسەر سێ کۆمەڵە (لە 5 ساڵ کەمتر) ، لە نێوان (6 ساڵ تا وەکو11 ساڵ ) وە (11ساڵ زیاتر) ، بۆگەیشتن بەشیکاری ئەنجامەکان بۆ ئەم مەبەستە ڕێگای (One Way Anova) بەکارهێناوە بۆ سێ نموونەی سەربەخۆ وەك لە خشتەی(5) خراوەتەڕوو.

**خشتەی(5) شیکاری یەك ئاراستەی (One Way Anova)بۆزانینی گرفتە ژینگەییەکان لە ڕوانگەی مامۆستایان لە بابەتی جوگرافیایی پۆلی یازدەی ئامادەیی لە سەر بنەمای جیاوازی سالانی خزمەت**

| بوارەکان | خزمەت | ژمارە | ناوەندی ژمێری | لادانی پیوەری | F-test | بەهای ئەگەری |
|---|---|---|---|---|---|---|
| کۆی گشتی | کەمترلەپێنج ساڵ | 3 | 4.6849 | 0.20272 | 0.912 | 0.407 |
| | لە 6 تاوەکو11 ساڵ | 16 | 4.4709 | 0.29273 | | |
| | زیاترلە11 ساڵ | 51 | 4.4856 | 0.24778 | | |
| | کۆ | 70 | 4.4908 | 0.25702 | | |

بەسەرنجدان لە خشتەی (5) کە تیایبەتە بە زانیینی ئاستی گرفتە ژینگەییەکان لە بابەتی جوگرافیایی پۆلی یازدەی ئامادەی لە ڕوانگەی مامۆستایان لە سەربنەمای جیاوازی سالانی خزمەت دەردەکەوێت بەشێوەیکی گشتی کۆی گشتی ئەنجامی شیکاری (One Way Anova) بۆ بوارەکانی فۆرمی ڕاپرسی گرفتە ژینگەییەکان، ناوەندی ژمێری گرووپی ئەو مامۆستایانی سالانی خزمەتیان لە پێنج سال کەمترە بریتیە لە (4.68)،گرووپی ئەو مامۆستایانەی خزمەتیان لە شەش

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ساڵ تاوەکو 11ساڵە ناوەندی ژمێری بریتیە لە (4.47) و ئەو مامۆستایانەی ساڵانی خزمەتیا لە 11ساڵ زیاترە ئەو ناوەندی ژمێری ئەم گروپەش برتییەلە(4.48)، بەسەیرکردن لە ناوەندە ژمێرییە کان بۆمان دەردەکەوێت کە جیاوازی هەیە لە نێوان گروپەکان بەڵام بۆ زانینی ئاستی بەڵگەداری زانینی ئاستی گرفتە ژینگەییەکان لە لایەن مامۆستایان لەسەر بنەمای جیاوازی ساڵانی خزمەت ئەوا سەیری بە های (f-test) دەکەین، بەهای (F) هەژمار کراو بریتیە لە (0.912) کە ڕێژە یەکی بەررزە وە بەنرخی ئەگەری ئاستی بەلگەداری کە بریتیە لە (0.407) کە گەورەترە لە هەڵەی ڕێ پێدراوی ئاماری ( a ≤0.05 بۆیە بۆمان دەردەکەوێت کە ئەو جیاوازیەی هەیە جیاوازی بەهاداری ئاماری نیە لە زانینی گرفتە ژینگەییەکان لە ڕوانگەی مامۆستایان لە سەربنەمای جیاوازی ساڵانی خزمەت ، بۆیە گریمانەی سفری وەر دەگرین گریمانەی جێگیرەوە ڕەتدەکەینەوە چونکە ئەو جیاوازیەی هەیە دەرخەری ئەوەیە کەساڵانی خزمەتی مامۆستایان کاریگەری نیە لە سەرئاستی زانینی گرفتە ژینگەییەکان لە بابەتی جوگرافیایی پۆلی یازدەی ئامادەیی لە ڕوانگەی مامۆستایان لەپەروەردەی ناوەندی هەولێر، وە ئەنجامی توێژینەکە هاوڕایە لە گەل ئەنجامی توێژینەوەی (المطیری ،2016)، توێژەر پێ وایە کە جیاوازی ساڵانی مامۆستایان بەهیچ شێوەیەك کاریگەری نیە لە سەر زانینی ئەو گرفتە ژینگەییانەی کە لە پەرتووکی پۆلی یازدەی ئامادەیی وجیهاندا بوونیان هەیە، ئەمیش لە ئەنجامی شیکاری گریمانەکە دەردەکەوێت کە هەموو مامۆستایان ئاستایان باشە لە دەربارەی زانینی گرفتە ژینگەییەکان.

## بەشی پێنجەم

## 5. دەرئەنجام و ڕاسپاردە و پێشنیار

### 1-5 دەرئەنجام

پاش ئەنجامدانی شیکاری ئاماری بۆ داتاکانی توێژینەوەکە، وە لە ژێر ڕۆشنایی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە، توێژەر گەیشتە ئەم دەرئەنجامانەی خوارەوە:

1- بە گوێرەی ئەنجامەکان دەرکەوتووە کە ئاستی زانینی گرفتە ژینگەییەکان لە بابەتی جوگرافیایی پۆلی یازدەی ئامادەیی لەڕوانگەی مامۆستایانی قوتابخانە ئامادەییەکانپەروەردەی ناوەندی هەولێر زۆرباشە .

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

2- ئەنجامەکان دەریانخستووە کە جیاوازی بەهاداری ئاماری نیە لە ئاستی( a ≤0.05) دەربارەی زانینی گرفتە ژینگەییەکان لە بابەتی جوگرافیایی پۆلی یازدەی ئامادەیی لەڕوانگەی مامۆستایان لەقوتابخانەکانی پەروەردەی ناوەندی هەولیر لەسەر بنەمای جیاوازی ڕەگەز، واتا مامۆستایانی ڕەگەزی مێ ئاستیان وەکو مامۆستایانی ڕەگەزی نێرە.

3- ئەنجامەکانی دەریان خستووە کە جیاوازی بەهاداری ئاماری نیە لە ئاستی( a ≤0.05) بۆ زانینی گرفتە ژینگەییەکان لە بابەتی جوگرافیایی پۆلی یازدەی ئامادەیی لەڕوانگەی مامۆستایان لەسەربنەمای ساڵانی خزمەت .

### 2-5 ڕاسپاردە

1- گرینگی دانی زیاتر بە گرفتە ژینگەییەکان وەکو بابەتێکی جیهانی سەردەم بۆ ئەم مەبەستەش گرفتە ژینگەییەکان لە پڕۆگرمی خوێندنی گشت قۆناغەکانی خویندن زیادبکریت .

2- دروست کردنی هەماهەنگی و پەیوەندی لەنێوان دەستەو وەزارەت و ڕێکخراوەکانی پەیوەندی دار بە ژینگە، لە پێناوە ئاشناکردنی مامۆستایان و قوتابیان وخەلکی ئاسایی بە گرفتە ژینگەییەکان و مەترسیەکانی لەپێناو پاراستنی ژینگە.

3- گرینگی دان بە کردنەوەی خولی تایبەت بە مامۆستایان و ئاشناکردنیان بە گرفتە ژینگەییە جۆراو جۆرەکان لە پێناو باشتر بوونی ئاستیان دەربارەی گرفتەکان و ئاشناکردنی قوتابیان بە گرفتەکان ومەترسیەکان جگە لەوانەی لەنێو پڕۆگرامدا باسکراون.

### 3-5 پێشنیار

**تویژەر لەکۆتایی توێژینەوەکەی بەباشی زانیوە ئەم پێشنیارانەی لای خوارەوە بخاتەڕوو:**

1- ئەنجامدانی توێژینەوەی هاوشێوەی ئەم توێژینەوەیە لەسەر پەرتووکی قۆناغی دەی ئامادەی لە ڕوانگەی مامۆستایان.

2- ئەنجامدانی توێژینەوەی هاوشێوەی ئەم توێژینەوە دەربارەی زانینی ئاستی قوتابیانی دەربارەی گرفتە ژینگەییەکانی قۆناغی ناوەندی و ئامادەی لە قوتابخانەکانی پەروەردەی ناوەندی هەولێر..

3- ئەنجامدانی توێژینەوەی ئەزموونی بۆ زانینی ئاستی تێگەیشتنی قوتابیانی قۆناغی دەو یازدەی ئامادەیی دەربارەی گرفتە ژینگەییەکان لە نێو پەرتووکی خوێندندا.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## لیستی سەرچاوەکان

### یەکەم / لیستی سەرچاوە کوردییەکان:

-بەرزنجی، صدیق شێخ محمود (2001). کاریگەری مرۆڤ لە چینگە پیسکردندا ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی زانکۆیی سەلاحەدین ، هەولێر.

-بەلبەع، عەبدوالمونعم (2013). پیسبوونی ژینگە، وەرگێڕانی : سەلاح سەعدی ، چاپی یەکەم ،سەنتەری نارین ، هەولێر.

-حمد امین ، ویسی صالح(2021).دەروازەیەك لە جوگرافیایی سروشتی ،چاپخانەی فرج پرنتینگ، هەولێر.

-حەمەد، نالی جەواد(2008). خەسڵەتە سروشتیەکانی هەرێمی چیاکان لە پارێزگای هەولێر و گیروگرفتە ژینگەییەکانی ، نامەی ماستەر ، کۆلێژی زانستە کۆمەڵایەتیەکان زکۆی کۆیە ،جوگرافیا ،بڵاو نەکراوە

-رسول، رسول ابراهیم(2014). دەروازەیەك بۆ وانەوتنەوە،چاپی یەکەم ،چاپخانەی نارین، هەولێر.

-شەریف، ئەوانی تر(2018). جوگرافیایی سروشتی بۆ پۆلی یازدەهەمی ئامادەیی وێژەیی،وەرگێرانی جەمال رشید وئەوانی تر،چاپی نۆزدەیەم ،هەولێر.

-عبدالقدر، کاروان و ئەوانی تر (2011). سەرچاوەکانی پیسبوونی ژینگە و کاریگەرییەکانی چەمچەماڵ بە نموونە،چاپی یەکەم، چاپخانەی ماردین ،هەولێر

-عزیز، فرهاد حسن (2017) .ژینگەو پیسبوونی ژینگە ،چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر

-قەرەچەتانی، کەریم شەریف(2008). سایکۆلۆژیای پەروەردەیی ،چاپی یەکەم ، چاپخانەی پەیەند، سلێمانی.

-نەقشبەندی، ئازاد محەمەد ئەمین(2017). جوگرافیایی ژینگە .

-نەقشبەندی، ئازاد محەمەد ئەمین(1997). جوگرافیایی کەش و ئاوو هەوا ، بەرگی یەکەم ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی حەمدی.

### لیستی سەچاوە عەربیەکان

-الشرنوبي، محمد عبدالرحمن(1981). الانسان و البيئة ، الطبعة الثانية ، مكتبة الانجلو المصرية ، القاهرة.

-إبراهيم، محمد(2006).الوعي البيئي لتلاميذ المرحلة الابتدائية في ضوء بعض المشكلات البيئية الراهنة التي تواجه مماكة البحرين دراسة ميدانية مجلة العلوم التربوية والنفسية، جامعة البحرين ، المجلد(8)، العدد(2).

-الباز، د.داود عبدالرزاق(2006): الاساس الدستوري لحماية البيئة من التلوث، دار الفكر الجامعي، الاسكندرية.

-برهوم، وائل منصور(2012). المشكلات البيئية المتضمنة في محتوى كتاب الجغرافيا للصف الثامن الأساسي ومستوى اكتساب الطلبة لها، رسالة ماجستير غير منشورة، الجامعة الأسلامية، غزة، فالسطين.

-البنا،إياد(2011). مستوى الوعي بمخاطر التلوث البيئيى لدى معلمي المرحلة الأساسية فىّ قطاع غزة، رسالة ماجستير غير منشورة، الجامعة الإسلامية ، غزة. فلسطين.

-حامد، عبدالعزيز(2011). المنهج الدراسى عيوبة ومزاياة

-الحربي، عبد الرحيم نويجع(2015). تقويم محتوى منهج الدراسات الاجتماعية و الوطنية للصف الأول المتوسط بالمملكة العربية السعودية في ضوء مشكلات البيئة، المجلة العلمية لكلية التربية- جامعة اسيوط، المجلد31، العدد الخامس، جزء أول.أكتوبر 2015.

-الحمدود، رشيد و صباري، محمد سعيد(1984): البيئة و مشكلاتها، سلسلة عالم المعرفة عالم، العدد22، الطبعة الثانية، الكويت.

-الحيلة ، محمد محمود(2001): طرائق التدريس و استراتيجياته، ط1، دار الكتاب الجامعي، العين- الإمارات العربية المتحدة.

-خطايبة ، الدكتور اكرم زكي (1997): المناهج المعاصرة في التربية الرياضية ،ط1 . دار الفكر للطباعة و النشر و التوزيع ،عمان- الأردن.

-ديوب، علا(2017): الإعلام وقضايا البيئية في منهاج العلوم للصف الرابع الأساسي في الجمهورية العربية السورية، مجلة جامعة البعث، 38(29)، 71-110.

-السرور،ناديا هايل(2005). تعليم التفكير في المنهج المدرسي، الطبعة الأولى، دار وائل للنشر، الأردن، عمان.

-السرور،ناديا هايل(2005). تعليم التفكير في المنهج المدرسي، الطبعة الأولى، دار وائل للنشر، الأردن، عمان.

-سعود،أحمد،أحمد، عمر محمد الصادق (1993). الصناعة و التلوث البيئة في مدينة القاهرة دراسة تطبيقية على منطقتي شبرا الخيمة و حلون، ندوة عن الجغرافيا و مشكلات التلوث البئية المنعقد بقاعة الجمعية الجغرافية المصرية يوم 28-29 ابريل 1992، جمعية الجغرافية القاهرة.

-شريف، محمد إبراهيم (2008): المشكلات البيئية المعاصرة الأسباب و الاثار و الحلول، الإسكندرية . دار المعرفة الجامعية.

-عبد المقصود،زين الدين(2000). قضايا بيئية معاصرة، ط3، الإسكندرية. مكتبة المعرف الإسكندرية.

-عبدالجواد، أحمد عبدالوهاب(1995): تلوپ المواد الغذائية، الدار العربية للنشر و التوزيع، القاهرة.

-محمدين، محمد محمود و الفراء،طه عثمان(2002). المدخل إلى علم الجغرافيا و البيئة ،ط4، دار المريخ للنشر ، الرياض، المملكة العربية السعودية.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

-مصطفى، نجوىٰ(1999): تقويم مقرر أحياء لصف الأول الثانوي في ضوء مجموعة من المحكات وأهداف كل من التربية البيئية و التربية السيكولوجية(واقتراح وحدة في ضوء ذلك)مجلة علم النفس، ع52، الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة.

-المطيري، تركي الحميدي(2016). درجة مراعاة كتاب الجغرافيا للصف الثاني عشر في الكويت للقضايا والمشكلات البيئية من وجهة نظر المعلمين،رسالة ماجستير غير منشورة، كلية العلوم التربوية، الجامعة آل البيت، الأردن.

-هاشم، حمدى(2007). جغرافيه البيئة و مشكلات التلوث الصناعي في المناطق الحضرية دراسة تطبيقية " الكتاب الثانئ ، مطبعة اتراك،القاهرة.

-الهيتي، نوزاد عبدالرحمن ، المهندي ، حسن إبراهيم " إبراهيم ، عيسي جمعة(2009). مقدمة في إقتصاديات البيئة، ط1، دار المناهج للنشر و التوزيع، عمان . الأردن.

-الوكيل، حلمي أحمد و محمد أمين المفتي(2005): أسس بناء المناهج و تنظيمتاتها،ط2، دار المسيرة للنشرو التوزيع و الطباعة، عمان.

-الوكيل، حلمي أحمد، المفتي ،محمد أمين(2007). أسس بناء المناهج و تنظيماتها،دار المسيرة للنشر و التوزيع والطباعة،ط1،عمان ، الأردن.

-يونس، فتحي و زملأوه (2004): المناهج الأسس، المكونات، التنظيمات، التطوير،ط1، دار للنشر، عمان.

## المشكلات البيئية في مادة الجغرافيا للصف الحادى عشر من وجهة نظر المعلمين

### الملخص

هدف من هذه الدراسة هومعرفة المشاكل البيئية في مادة الجغرافيا في الصف الحادي عشر من المرحلة الثانوية من وجهة نظر المعلمين في التعليم المركزي في أربيل ، على سبيل المثال بناء على الفروق بين الجنس وسنوات الخدمة،استخدمت الباحثة المنهج الوصفى التحليلي، يتكون مجتمع الدراسة من معلمى الجغرافيا فى المراحل الأعدادية اللتى بلغ عددهم(247) معلما ومعلمة، تكونت عينة الدراسة من (70) من معلما ومعلمة من كلا الجنسين، أداة البحث إستمارة استبيان خاصة بالمشكلات البيئية التي أنشأها الباحثة، تتكون من (73) فقرة، وزعت على خمسة مجالات، هي(الهوائي، المائي، الصخري، الحيوي، السكان)، بعد تحليل البيانات، أظهرت النتائج أن مستوى المعرفة بالمشكلات البيئية من وجهة نظر المعلمى مادةالجغرافيا بلغ متوسط الحسابى(4.49) وهي نسبة جيدة، لاتوجد فروق ذات دلالة الإحصائية على أساس متغير الجنس وسنوات الخدمة،ثم تم التقديم بعض الاقتراحات والتوصيات.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی (٨) – ژمارە (١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# Environmental Problems in Geography for The Eleventh Grade from The Point of View of Teachers

**Nazanin Muhammad Hasan**
Department of Social Science, College of Basic Education, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
nazaninmuh74@gmail.com

**Prof. Dr. Serwan Arab Sadq**
Department of Social Science, College of Basic Education, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
krd.ued.su@sadiq.Serwan

***Keywords***: *Curriculum, Geography, Environment, environmental pollution, environmental problems*.

## Abstract
The aim of this study is to find out the environmental problems in geography in the eleventh grade of secondary school from the point of view of teachers in the central education in Erbil, for example, based on the differences between gender and years of service, the researcher used the descriptive-analytical method, The study population consists of geography teachers in the preparatory stages, whose number reached (247) male and female teachers, The study sample consisted of (70) male and female teachers of both sexes. The research tool is a questionnaire form specific to environmental problems created by the researcher, consisting of (73) paragraphs, distributed among Five areas, namely (aerial, aquatic, rocky, biological, and population). After analyzing the data, the results showed that the level of knowledge of environmental problems from the teachers' point of view, the geography subject, reached an arithmetic average of (4.49), which is a good percentage. There are no statistically significant differences on a variable basis. Gender and years of service, then some suggestions and recommendations represented.